فایق زەدان: سزای هەرشکردنە سەر نەردە دیپلۆماسییەکان لەسەدارەدانە

سەرکی ئینجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق رایگەیاند، هەر جۆرە دەستدرێژی و پێلامارێک بۆ سەر دامەزراوە دیپلۆماسییەکان لە چوارچێوەی تاوانە تیرۆریستییەکان ئەژمار دەکرێت، و بە پێی یاسای عێراقی سزاکەی دەگاتە لەسەدارەدان.

سەشەممە، 17ـی ئاداری 2026، فایق زەدان، سەرکی ئینجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق، لە راگەیەنراوێکدا ئاماژەی بۆ دا، نەردەی دیپلۆماسی بریتییە لە دەستە فەرمییەی کە نوێنەرایەتیی دەوڵەتێک دەکات لە دەوڵەتێکی دیکەدا، کە باڵیۆزخانە، کونسوڵگەری، شوێنی نیشتەجێبوونی باڵیۆز و سەرجەم موڵک و مایی نەردەکە دەگرێتەوە. ئەم نەردانە بە یەکێک لە پایە هەرە گرنگەکانی پێیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێن، چونکە ڕێکەی سەرکی دەگەڵن لە بەهێزکردنی هاریکاریی سیاسی، ئابووری و کولتووری لە نێوان وڵاتاندا."

سەرکی ئینجوومەنی باڵای دادوەری ئاماژەی بۆ دا، کە ئەم نەردانە بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەتی "ڕێککەوتننامەی ڤیەنا بە پێیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ساڵی 1961"، پارێزبەندی و

تایبەتمەندییەکی بەرزیان هەیە و، "هەر دەستدرێژییەک بۆ سەریان بۆ تاوانێکی مەترسیدار دادنرێت کە زیان بە تەواوی سیستەمی نەوەوەتی دەگەیەنێت."

لە بارەی پێناسەی تاوانەکەوە، زەدان ڕوونی کردووەتەوە: "تاوانی هەرشکردنە سەر نەردە دیپلۆماسییەکان خۆی لە هەر جۆرە کارێکدا دەبینێتەوە کە ئامانج لێی بارەگای باڵیۆزخانە یان کونسوڵگەرییەکان یان فەرمانبەرانیان بێت، جا چ لە ڕێگەی تەکدان، هەڕەشەکردن، پێلاماری جەستەیی، یان تێنانێت گەمارۆدان و ڕێگریکردن بێت لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان. مەترسیی ئەم تاوانەش تەنیا لە زیانە گیانی و مادییەکاندا کورت نابێتەوە، بەڵکوو کاریگەری لەسەر پەیوەندیی نێوان وڵاتان دروست دەکات و ڕنگە ببێتە هۆی قەیرانی دیپلۆماسیی توند یان پچڕانی پەیوەندییەکان."

زەدان جەختی کردەوە، کە لە عێراقدا سزای توند بۆ ئەم کردەوانە دانراوە و وەک تاوانی دژ بە "ئاسایشی دەرەکیی دەوڵەت" سەیر دەکرێن بە پێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ـی ساڵی 1969. هەروەها گوتی: "یاسای بەرێنگاربوونەوەی تیرۆری عێراقی ژمارە (13)ـی ساڵی 2005 بۆ پێی تونديیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم کێیسەدا دەکات، بە جۆرێک لە بڕگەی 6ـی ماددەی 2ـدا هاتووە کە هەرشکردنە سەر سەرجەم باڵیۆزخانە و دەستە دیپلۆماسییەکان لە عێراق لە ریزی کردەوە تیرۆریستییەکانە و سزاکەی دەگاتە لەسێدارەدان."